# رافائیل

ماردین ئیبراهیم

ئەو زەمانە وابوو
بابم بە دەنگی بەرز دوعای دەخوێند
بۆ ئەوەی گوێی لە ناڵەی ئیبلیسێکی زامدار نەبێت لە سەریا
بابم بە دەنگی نزم کوفری دەکرد
دەترسا موحەمەدێکی غەمناک
لە سینەیدا بێدار بێتەوە
* * * *
بابم ناوی رافائێل بوو
لە ناو ڕەشەبادا دەستم لە دەستی ئەو ترازاو ونبووم
هێند ساوا بووم، لە هێلانەی لەقلەقەکاندا دەخەوتم
لەگەڵ شەمشەمە کوێرەکاندا
خۆم بە بنمیچی ئەشکەوتەکانەوە هەڵدەواسی
لە کونی قرژاڵەکاندا خۆم دەشاردەوە
فیشەکدانەکانم لە خۆم بەست و بە ناو تەمومژدا رۆیشتم
هێند مناڵ بووم،
تیماری ئە و زامانە م بۆ نە دە کرا کە گوللەکانم لەسەر سنگی
خاك بەجێی دەهێشت
نیشتیمانی چی؟؟ نیشتیمانی چی؟؟
من تاریک و ڕوونی ئەو سپێدەیەشم بۆ نەدەلاوایەوە،
دەستمان لە دەستی یەک ترازا و
من لەناو ڕەشەباوە هاوارم دەکرد:
بۆ دەڕۆی ڕافائیلی من بۆ دەڕۆی؟؟؟
**** ****** *****
هێند مناڵ بووم
پاڵم بۆ بە جۆلانەیەکەوە نەدەنرا
هێلکەی قازێکم بۆ نەدەخرایە زەمیلەیەکەوە
دەستم نەدەگەیشتە عەینەکەکەی بابم
بێشکەی (ئۆفیلیا)م بۆ ڕانەدەژەنرا،
هێند گچکە بووم

ڕێشمەی جاڵجاڵۆکەیەکم بۆ نەدەگیرا
سیسرکێکی چەمووشم بۆ زین نەدەکرا،
کەروێشکێکی تەپڵۆسم بۆ نەدەبەسترایەوە
دەسرازەی خاڵخاڵۆکەیەکم بۆ توند نەدەکرا
مارمێلکەیەکم بۆ ئاو نەدەدرا
وەک کرمێک سەرم بەماڵی دوژمنیشدا دەکرد
وەک بەچکە تیمساحێک خۆڵم دەخوارد
لە ناو ئەو بیرە تاریکەوە هاوارم دەکرد
بۆ دەڕۆی رافائیلی من بۆ دەڕۆی؟؟؟
* * * *
بە هەر باخێکدا ڕەتبووبا
هەرمێکان لە ترسا دەوەرین
ڕۆیشتبا بۆ هەر مەیخانەیەک
کووپە شەرابەکان لە ترسا ڕایاندەکردەوە بۆ ناو ڕەز
لە ناو دەماری مێوە کاندا خۆیان دەشاردەوە
بە هەر مێرگێکدا ڕەتبووبا
ساڵێکی ڕەبەق ئەسپەکان نەیاندەحیلاند
سەری بە هەر کووچەیەکدا کردبا
ساڵێکی تەواو سیحربازەکان ئاگریان لە دەم نەدەهاتە دەر،
کۆتر لە گیرفانەکانیانەوە نەدەفڕی
بە هەر شارێکدا ڕەتبووبا
ئەو بۆنەی لە بێئیمانی ئەوەوە هەڵدەستا قەدیسەکانی لاڵ دەکرد
ئاگری پەرستگاکانی دەکوژاندەوە
ڕاهیبەکانی لە دین وەردەگێڕا
* * * *
ئەو زەمانە وابوو
بریندارەکان بە هێواشی دەیاناڵاند
دەترسان ئەوینێکی ناموراد لە دڵیاندا بێداربێتەوە
بابم بە دەنگی بەرز کوفری دەکرد
دەترسا ناڵەی خودایەکی زامدار ببیستێت.
* * * *
ڕووی کردبا هەر بیابانێک، کارمامزەکانی کوێر دەبوون
مارەکان وەک گەواڵەهەورێک لە پێشیەوە دەڕۆیشتن
سەری بە هەر ماڵێکدا کردبا
ژنەکانیان نەزۆک دەبوون

پیاوەکانیان کە لە شەڕ دەهاتنەوە
ئەسپەکانیان لەبەر باران جێدەهێشت و
سەریان بە قورعانێک دەکرد و دەخەوتن
منداڵەکانیان بەسک ئێشە دەمردن
کچەکانیان دەردێکیان دەگرت، حەکیمەکانی سەرسام دەکرد،
کوڕەکانیان وەک دووپشکە دەکەوتنە خواردنی دایکیان
بە هەر خاکێکدا ڕەتبووبا،
ساڵێکی ڕە بە ق باران نەدەباری
بەڵام هەر کە ناوی ئۆفیلیا یان دەهێنا، ئەو مات دەبوو
سەری لەبەر خۆی دەناو دەیگوت:
عەزابم مەدە ئۆفیلیا
خۆ من کۆیلەی تۆم ئۆفیلیا
*    *    *    *
ئەو ڕۆژگارە وابوو
بە دەنگی بەرز کوفرمان دەکرد
نەبادا چکەی خوێنێک لەسەر خاچێکەوە ببیستین
بەدەنگی نزم دوعامان دەخوێند
نەبادا یەهودایەکی خەوتو لە ناو سەرماندا بێدارکەینەوە
*    *    *    *
تەقەی لەو دوعایانەش دەکرد
کە بۆ ئاسمان بەرز دەبوونەوە
گڕی بەردەدایە نوشتەی گەچڵاوی سەرشانی منداڵەکان
مەلای مزگەوتەکانی بە دار تووەکانەوە دەبەستەوە
گەوری ئێسترەکانی بە قەشەکان پاکدەکردەوە
نەیدەهێشت قورعان ببرێت بۆ ماڵی ژنە زەیستانەکان
خێڵە بەجێماوەکانی تیرباران دەکرد
زێوانەکانی دەکرد بە زوڕناژەن
مەیتەرە کانی دەکرد بەگزیز
دەهۆڵی بە شیوەنگێرەکان دەکوتا
بەڵام کە دەگەیشتە بەردەرگای ئۆفیلیا
لە ئەسپەکەی دەهاتە خوار،
شمشێرەکەی فڕێ دەدا و هاواری دەکرد:
جا چۆن وا دەبێت ئۆفیلیا
دەردم گرانە ئۆفیلیا
خوێنم حەڵاڵە ئۆفیلیا
*    *    *    *

که ئەو لە ناو گێژەڵووکەدا جێی هێشتم
شەو هێندەی شەونم مژی بوو بەتەنیا بۆم هەڵنەدەگیرا
تەمومژم کردە کۆڵم
تریفەی ترساوی زستانم کردە قەڵاندۆشکان
بوومە هاوەڵی ئەو کیسەڵانەی لە لیتەدا گیریان خواردبوو
دڵی ئەو ژیشکانەم دایەوە کە کەوتبوونە بەر دەستو پێی ئەسپەکان
شیوەنم بۆ ئەو کرمانە گێڕا کە تاوە تەرزە کوشتبوونی
لای ئاگردانی بەجێماوی چەتەکان خۆم گەرم دەکردەوە
لە ترسی تاریکی گۆرانیم دەگووت،
دەمگووت: ئەمشەویش دە ربەدەری میوانمانە
کە کازیوەش لە دەستی شەو خۆی ڕادەپسکاند
کە لووتی سپێدە دە پژا، بەرۆکی ئاسۆ دە بوو بە خوێن
من لە ناو ئەشکەوتە کەوە دەمقیژاند:
بۆ دەڕۆی ڕافائیلەکەم بۆ دەڕۆی؟؟؟
*   *   *   *
شەوێکیان لە ناو گەردەلوولدا
بۆ هەناسە خنکاوەکانی ئۆفیلیا دەگەڕا
وەک شوانێکی خەواڵوو، فەروە مەڕێکی پۆشیبوو
لەو ئەفسەرانە دەچوو کە وەرزی ڕشانەوە گەورەکان
بە ناو دەغڵەکاندا بڵاودەبوونەوە
گۆڕستانەکان بە کوژراوەکانی دەستی ئەو ئاوەدان دەبوونەوە
سەف سەف کاروانەکانی بۆ قیامەت دەنارد
نە فیشکەی مارێکی تەنیای دەبیست
نە گوێی لە ئاهی ئەو بریندارانە بوو کە با لە بێشەڵانەکانەوە دەیهێنا،
منیش بە ئەسپایی دەڕۆیشتم
دەستێکم لەسەر دڵی مانگ دانا هێشتا زیندووبوو
دەستێکم لە دەستی شەودا بوو
تریفە دڵتەنگەکانی زستان پێیان دەگوتم:
لەو نزیکانە ئەستێرەیەکی نزم هەیە، خۆت نەوی‌کە سەرتی لێنەدەیت
شەو گوتی خشە خش مەکە، ئەو تاوێرانە خەویان سووکە،
دەستێکم لەسەر ناوچاوانی  مانگ دانا، تای لێبوو
ئیتر چارەنووسم وابوو، دەستم لەدەستی ئەو بەربێت
ڕۆیشتم و لە بنی دەریادا لەگەڵ خنکاوەکاندا

شیری نەهەنگەکانم دەخواردەوە.
لەگەڵ کوژراوەکاندا لە شەڕگەکاندا
نامەی ژنەمەکربازەکانم دەخوێندەوە
مانگەشەو منی دایە بەر دەستڕێژی تریفەکانی و
منیش دەمگووت
تۆ لە کوێی، رافائیلی بێئیمان، تۆ لە کوێی؟؟؟
* * * *
ساڵی دڵئێشە گەورەکان
بۆ ساتێکی کەم خافڵ بووم و لە ناو دوکەڵدا رافائیلم وونکرد
ئیتر کاتێکم زانی من لە وڵاتی تیمساحەکاندا بووم
تیمساحەکانیش وەک من خەمبار دەبوون،
نیوەڕۆیانی زستان لەبەر خۆرەتاو خۆیان هەڵدەخست و
بە بێتاقەتی‌یەوە جگەرەیان دەکێشا
ئەوانیش وەک  من گەر تەریق کرابانەوە
ڕوومەتیان سوور هەڵدەگەڕاو بە کلکیان باوەشێنی خۆیان دەکرد
تیمساحەکانیش کە عاشق دەبوون دڵیان ناسکتر دەبوو،
ڕوویان لە دیوار دەکرد و دەخەوتن
کە قسەیەکی ڕەقیان پێ ووترابا
سێ ڕۆژ لە زەلکاوێکدا لەسەر دەم دەکەوتن
کە دەبوومە میوانیان زمانیان تێکدەئاڵا
لە پەلەپەلدا چایان لێدەڕژا، پەرداخیان لەدەست بەردەبۆوە
کە شەوانی هاوین بە گەرەکەکانیاندا ڕەت دەبووم
ئەوانیش لە سەربان دەخەوتن و بەچکەکانیان لە بنباڵی دایکیانەوە
سەیری ڕێبوارەکانیان دەکرد
تیمساحەکانیش وەکو من کە خەواڵوو دەبوون خۆیان بە پێوە ڕانەدەگرت
هەرزەکارەکانیان بە خەوەوە دەرۆیشتن
هەندێکیان دەچوونە شەڕ، ئێوارەیان بە دیل دەگرت و دەیانکوشت
تەرمی زەردەپەڕیان دەشێواند،
کاتژمێری وەستاویان لە دەستی نیوەشەو دادەماڵی و دەیانبرد بۆ خۆیان
هەندێکیان تاریکیان ئاو دەدا، شەپۆلەکانیان دەبەستە وە
ساڵانی نەهاتیان زین دەکرد، نائومێدیان لغاو دەکرد
ڕکێفیان لە تەنیایی دەدا

هەندێکیان قاچی شکاوی بۆقەکانیان تیمار دەکرد
دانی کلۆری قرژاڵەکانیان پڕ دەکردەوە
قەوزەی تەڕیان لەسەر ناوچاوانی کیسەڵە تا لێهاتووەکان دادەنا
پەلی زامداری ئەختەبووتەکانیان دەپێچا
کە ئازیزێکیان دەمرد
خۆیان لە لیتەی کەنارەکان وەردەدا
بەرۆکی کراسەکانیان دادەدڕی
بەچنگی گەورە سەدەفیان دەکرد بە سەری خۆیاندا
ئەوانیش هەندێکیان وەکو من دەربەدەریان دەکێڵا
مەرگی ناوادەی براکانیان دەدووریەوە
لە وەرزی قات و قریدا،
بە فرمێسکی خۆیان کێڵگە بەیارەکانیان ئاو دەدا
کەنیشکەکانیان لەگەڵ سروەی دەشتەکاندا،
دەڕۆیشتن و هەورەکانیان دەدۆشی
هەندێکیان بە لۆکە ئاویان دەکردە دەمی دۆلفینە دەردەدارەکانەوە
هەندێکیان لە شەونمی سارد مەرهەمیان ساز دەکردو
دەیانخستە سەر برینی شەپۆلەکان
هەندێکیان دەبوونە فاڵچی و دەستی کە شتیەوانە خنکاوەکانیان
دەگرتەوە
دەبوونە جادووگەر و دوعای مۆریان لە کچە ڕەشەکان دەخوێند
منیش وەک ئەو ماسیانەی تەنیایی دەیانکات بە کەفی سەر
شەپۆلەکان
وەک ئەو ژنانەی نامورادی دەیانکات بە تۆزی سەر ئینجانەکان
دەمناڵاند و دەمگووت:
دەستت بێنە رافائیلی من دەستت بێنە
❊ ❊ ❊ ❊
ئەو بزەیەکی تاڵ هاتە سەر لێوانی و
من گۆڕەکەی رافائیلم هاتە بەرچاو
ئەویان بە خەمساردی کوشت و
من زەردەخەنەی خۆڵاوی رافائیلم بیرکەوتەوە
❊ ❊ ❊ ❊
بۆ تۆ بوو ئۆفیلیا بۆ تۆ بوو
بۆ تۆ بوو بابی من شەڕی لەگەڵ تاتارەکاندا هەڵگیرساند
لەبەر تۆ ئاگری بەردایە ڕۆما
بە هە ڵمی دە ریا سوێند دەخۆم،

لەبەر چاوی تۆ سێ جار دەست دەدەم بە هەتاوی زستاندا
بۆ تۆ بوو بابی من ئایەتەکانی خستە سەر نووکی
شمشێرەکەی،
نەک لەبەر کراسەکەی (عوسمان)
بۆ خاتری تۆ کتێبەکانی بەغدای فڕێدانە دیجلەوە
بە قسەی تۆ ژەهری کردە شەربەتی خەلیفەکانەوە،
نەک بە قسەی حەشاشەکان
تۆ نەبای ئۆفیلیا
بابم سەری یوحەننای نەدەخستە سەر سینی‌یەکی زێڕ
دەستنووسەکانی ئەندەلووسی تاڵان نەدەکرد
کەچی ئۆفیلیا دەسڕێکی دەخستە سەر دەمی و
من کفنەکەی رافائیلم هاتە بەرچاو
ئەو بە هێواشی دەمرد و
من زەردەخەنەی تۆزاوی رافائیلم بیرکەوتەوە
* * * *
تا نەمناشت نەمزانی لە گۆرانییەکانی ئەودا
چەقۆیەک شکاوە
تا نەمناشت نەمزانی لە یادەوەریەکانی ئەودا
گوللەیەک جێماوە
دڕکێک لە پاژنەی ئەودا بوو
کەچی من دەبێت تا دەمرم بشەلم
بزمارێک لە تابوتەکەیدا بوو
لە هەر شوێنێک بم ناهێڵێت بخەوم
بەو دەستانەی خۆم رافائیلم ناشت

قەبرێکم لەسەر ڕێگای ماڵی ئۆفیلیا بۆ لێدا
لە ناو ئاوڕدانەوە غەمبارەکانی خۆیدا پاڵم خست
ئیتر بۆ هەتاهەتایە دڵم لە زەردەپەڕ ئێشا
بۆ هەتاهەتایە دڵم لە نەسیمی بەیانی شکا

2006